ISSN: 1999-5601 (Print) 2663-5836 (online)

Lark Journal

Available online at: https://lark.uowasit.edu.iq

*Corresponding author:

**Assist. Lecturer. Sarwar Sadulla Saleh**

Department of kurdish, College of Education, Charmo University

Email:

Sarwar.sadulla@chu.edu.iq

**Keywords**: Critical thinking, curriculum, Kurdish textbooks.

A R T I C L E I N F O

***Article history:***

*Received* *24Dec 2024*

Accepted 26 Dec 2024

Available online 1 Jan 2024

CC BY

# The Evaluation of the Textbooks of Kurdish Study of Second and Third Grade in terms of Critical Thinking

A B S T R A C T

The abstract of the research consisted of the evaluation and analysis of some texts of both textbooks Kurdish study of second and third grade (primary stage- first circle). Thinking is made through question that the weight of thinking is critical. The experts of education suggested the concept of critical for the teachers and textbook makers. The most significant factor in teaching critical thinking is that ask vital questions. The aim of the research is analyzing the content and questions of the texts. The results of the research illustrated that the basics of critical thinking in the texts of both textbooks Kurdish study of second and third grades are reflected. Thus, that content/ text and the type of the questions in terms of philosophy and opening thought demonstrates the weakness, shortcoming, low level and surface. Therefore, the study programs instead of just conveying simple information to the students, it could familiar the students with critical thinking and criticism.

© 2025 LARK, College of Art, Wasit University

DOI: https://doi.org/10.31185/lark.4079

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**تقييم كتاب (القراءة الكردية)، لصفي الثاني والثالث وفق التفكير النقدي**

م.م. سرور سعدالله صالح/ قسم اللغة الكردية، كلية التربية، جامعة جرموو

**الخلاصة:**

خلاصة البحث هو تقييم جزء من النصوص الواردة في كتابي (القراءة الكردية) لصفي الثاني والثالث (المرحلة الأساسية- الدائرة الأولى). التفكير ينتج من طريق الأسئلة التي هي ميزان التفكير النقدي. وقد يوصي مختصو التربية مصطلح التفكير النقدي للمعلمين ومؤلفي المناهج الدراسية. وأهم الأسباب في تعليم التفكير النقدي هو إثارة الأسئلة الجوهرية، وتكمن أهداف الدراسة في تفسير وتحليل محتوى النصوص وأسئلتها، ونتائج البحث تكشف أن أركان التفكير النقدي قد تتجلى في نصوص كِلا كتابي القراءة لصفي الثاني والثالث على الرغم من أن محتوى النصوص ونوعية أسئلتها من الناحية الفلسفية والانفتاح الفكري يتصف بالضعف والتقصير والمستوى الوضيع والسطحية والسذاجة، لذا يمكن أن تكون المنهاج الدراسية إثارة لمصطلح التفكير النقدي والتعرف عليه بدلا من أن تكون إيصال المعلومات البسيطة إلى الطالب .

**الكلمات المفتاحية**: التفكير الناقد، المنهج، الكتب المدرسي

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**پوختە**

پوختەی توێژینەوەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی بەشێك لە دەقەکانی هەردوو پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی، پۆلی دووەم و سێیەم (قۆناغی بنەڕەتیی- بازنەی یەکەم)، بیرکردنەوەش لە ڕێگەی پرسیارەوە دروستدەبێت، کە سەنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. پسپۆڕانی بواری پەروەردە، چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیان بۆ مامۆستایان و دانەرانی پەرتووکەکانی خوێندن پێشنیازکردووە. گرنگترین هۆکار لە فێرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئەوەیە، کە پرسیاری گرنگ بوروژێندرێت. ئامانجی توێژینەکەوەش خۆی لە ڕاڤە و شیکارکردنی ناوەڕۆك و پرسیارەکانی دەقەکەدا دەبینێتەوە. ئەنجامی بەدەستهاتووی توێژینەوەکە نیشانیدەدات، کە ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە دەقەکانی هەردوو

پەرتووكی خوێندنەوەی كوردیی پۆلی دووەم و سێیەمدا ڕەنگیانەداوەتەوە، ئەمە وێڕای ئەوەی، كە ناوەڕۆك/ دەق و جۆری پرسیارەكان، لەڕووی فەلسەفیی و كراوەنەوەی هزرییەوە، هەڵگریی لاوازیی و كەموكوڕیین و ئاستێكی نزم و ڕووكەش نیشاندەدەن. هەر بۆیە دەكرێت پرۆگرامەكانی خوێندن لەبری گواستنەوەی زانیاریی سادە و ساكار بە خوێندكار، لە بیری گەڵاڵەكردن و ئاشناكردنی چەمكی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت.

**وشە سەرەكییەكان: ، بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، پرۆگرامی خوێندن، پەرتووكی خوێندنی كوردیی.**

**هۆی هەڵبژاردنی توێژینەوەكە:**

لەڕاستییدا بەشێوەیەكی زانستیی و ئەكادیمیی، هەوڵ و ئاوڕدانەوەی ئەوتۆ لەڕووی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانەوە لە پەرتووكەكانی خوێندنەوەی كوردیی قۆناغی بنەڕەتیی بەدیناكرێت، واتە لەم ڕووەوە كار لەسەر هەڵسەنگاندن و ڕاڤەكردنی ناوەڕۆك و جۆری پرسیارەكانی پەرتووكەكان نەكراوە. هەر بۆیە، توێژینەوەكە هەوڵێكە بۆ خستنەڕووی ئەو لاوازیی و كەموكوڕییانەی، كە لە پەرتووكەكاندا هەن.

**پرسیاری توێژینەوەكە:**

1. چەمكی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە؟
2. ئایا ڕەگەزەكانی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پەرتووكەكانی خوێندنەوەی كوردیی، پۆلی دووەم و سێیەمدا ڕەنگیانداوەتەوە؟
3. پرسیاری پەرتووكەكان، لەڕووی كرانەوەیی هزریی، ئاڵوگۆڕكردنی بیروڕا، ڕەخساندنی كەشێكی ئازادەوە بۆ خوێندكار لە چ ئاستێكدایە؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**ڕێبازی توێژینەوەكە:**

لەم توێژینەوەیەدا ڕێبازی (وەسفیی- شیكاریی) بەكارهێنراوە، تا بەهۆیەوە بتوانرێت هەندێك لەو كەموكورتیانەی، كە لە پەرتووكی خوێندنەوەی كوردیی، پۆلی دووەم و سێیەم هەن بخرێنەڕوو.

**ناوەڕۆكی توێژینەوەكە:**

بنیاتی توێژینەوەكە لە دوو بەشی سەرەكی پێكهاتووە، كە بریتین لە:

لە بەشی یەكەمدا هەوڵدراوە لەڕووی تیۆرییەوە بەشێوەیەكی زانستیانە ئاوڕ لە هەر یەكە لەم تەوەرانەی خوارەوە بدرێتەوە، لەوانەش (چەمكی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، فێربوونی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە، پرۆگرامی خوێندن).

هەروەها لە بەشی دووەمیشدا هەوڵدراوە لەڕووی پراكتیكییەوە بەشێوەیەكی زانستییانە هەڵسەنگاندن و شیكاری بۆ پەرتووكەكانی خوێندنەوەی كوردیی، پۆلی دووەم و سێیەم (قۆناغی بنەڕەتیی- بازنەی یەكەم)، بكرێت و

پەنجە بخرێتە سەر ئەو لاوازیی و کەموکورتییانەی، کە لەڕووی ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە لە پەرتووکەکاندا هەن. لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا، هەموو ئەو ئەنجامانەمان خستووەتەڕوو، کە لە دووتوێی توێژینەوەکەدا پێیگەیشتووین، لەگەڵ خستنەڕووی لیستی سەرچاوەکان و وەرگێڕانی پوختەی توێژینەوەکە بۆ هەردوو زمانی ئینگلیزیی و عەرەبیی.

**بەشی یەکەم: (1/1)، چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

زۆرێك لە فەیلەسوفانی پەروەردە پێیانوایە، پێناسەکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ئاسان نییە، چونکە ئاشکرا نییە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە چییە؟، ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەمە بوارێکی ئاوەزییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا فەیلەسوفانی بواری پەروەردە هەوڵیانداوە، چوارچێوەیەکی ئاشکرا بۆ بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بنیادبنێن. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هێزێکی ئاوەزییە بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکان. لەڕووی چەمکیشەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە واتای توانستی بەرزی بیرکردنەوەیە لە چوارچێوەی (بڕیاردان، هەڵسەنگاندن، دەربڕین، جێبەجێکردن)، ڕێگاکانی گەیشتن بەم توانستە: گومان، پرسیار، بەراوردکاریی، بینینی ناکۆکیی و کێماسییەکان/ کەموکوڕییەکان. (موسلیم 2021: 173). لەگەڵ ئەمەشدا دەتوانرێت بگوترێت، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە پەیوەستە بە توانستەکانی تاکەوە بۆ بەئەنجامگەیاندنی سەرجەم کاروبارەکانی، گریمانەسازیی بۆ گەیشتن و درکپێکردنی پرسە گرنگەکان، هەڵهێنجاندنی ڕەوان، ئەنجامگیریی، ڕاڤە و شیکاریی ئەنجامگیرییەکان، هەڵسەنگاندنی بەڵگەکان. (ایلانو،1398: 102).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

تاکێك، کە هەڵگری بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە بێت، ئەم تایبەتمەندییانە لەخۆدەگرێت (بنکۆڵکاریی، بەڵگەکاریی، ڕۆشنبیریی، گۆڕانکاریی و نوێکاریی لە بیرکردنەوە، ئاگایی پەیوەست بە زانیارییە پەیوەندیدارەکانەوە، بڕیاردان پاڵپشت بە لۆژیك، سەرنجدان لە گەڕاندا). (ایلانو ،1398: 102). لە لایەکی دیکەوە دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە ڕۆڵی گرنگی لە چاندنی هەستی بەرپرسیارێتی لە تاکدا هەیە، هەر بۆیە پێویستە لە منداڵییەوە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە منداڵدا دروستبدرێت، تاوەکو تاکێکی ئاگامەند و پیشەمەند پێشکەش بە کۆمەڵگا بکرێت. لە پاڵ ئەو پێناسانەی سەرەوەدا تێڕوانینی دوو نووسەری کورد وەردەگرین:

1. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، واتە دەربازبوون لە پاشاگەردانیی و بێمانایی. (ڕەفیق، 2023: 27).
2. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، هەوڵێکە بۆ هۆشیاریی لە ڕێگەی ڕەخنەوە.( سەعید، 2022 :3).

لێرەدا پێویستە پەیوەست بەم چەمکەوە دوو لایەنی گرنگ فەرامۆشنەکرێت، یەکەم، بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ناکرێت پەیوەست بکرێت بە بوارێکی دیاریکراوەوە. دووهەم بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە تەبا و کۆك نییە لەگەڵ ئایدۆلۆژیادا. هەر بۆیە ((ئێمە نەبووینە بە خاوەنی کۆمەڵگایەك، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەیی

له ئاکاری وتوێژ و ئاکاری ئارگومێنت و ئاکاری پەروەردەوە هەڵقوڵابێت.)). (سەعید ،2022: 2). ڕوونە، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، چەند ڕەگەزێك لەخۆدەگرێت، بەشێوازێکی کورت، دەیانخەینە بەردەست، کە بریتین لە (بنکۆڵکاریی هزریی، کرانەوەی هزریی، پێناسەکاریی و ڕوونیی مژارەکان/ بابەتەکان، لێکۆڵینەوەی وردی ڕوانگە و بیروباوەڕکان، گومانگەرایی ڕاست، وەرگرتنی ئەگەرە نوێیەکان، بەڵگەکاریی، ڕاڤە و شیکارکردن، هەڵسەنگاندنی بەڵگە و بۆچوونەکان، هونەری دواندن دەربارەی خود، بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە). (مصری و اخرون، 1398: 111).

بیرکردنەوە لە ڕێگەی پرسیارەوە دروسدەبێت، پرسیاریش سەنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. لە ڕۆژگاری (سۆقرات)دا، گفتوگۆ ڕێگەیەکی کاریگەریی بووە بۆ دۆزینەوەی وەڵامە گرنگ و چارەنووسسازەکانی ژیان. (لیپمن)، هەمان شێوازی بۆ مامۆستایان و دانەرانی پەرتووکەکانی خوێندن پێشنیازکرد. گرنگترین هۆکار لە فێرکردنی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ئەوەیە، کە پرسیاری گرنگ بوروژێندرێت. ڕوونە، کە سۆقرات دانەر و بناغەدارێژی پرسیاری فەلسەفیی بووە، ئەم هەوڵەیشی لە پێناو گەیشتن بە حەقیقەتدا بووە. بەڵگە مێژووییەکان نیشانیدەدەن، کە (سیمیناری سۆقراتی)، کاریگەرییەکی پڕبایەخی لە ئاستی پرسیارکردن و گەشەپێدانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەبووە. بێگومان هاندانی خوێندنکاران بۆ لەدایکبوونی زەمینەی پرسیارکردن، بە میکانیزمێکی گرنگیی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە دێتەهەژمارکردن. خاڵێکی گرنگ پێویستە ئاماژەی پێبدرێت ئەوەیە، کە پرسیارکردن، تا گەیشتن بە ئاکام/ حەقیقەت بەردەوامدەبێت. (فیشر، 1388: 49). بۆ نموونە، ئەگەر یەکێك لە ناوەڕۆکی پەرتووکانی خوێندن چەمکی (هاوکاریی) بێت، پسپۆڕان و مامۆستایان ئەمجۆرە پرسیارانە گەڵاڵەدەکەن:

مەبەست لە هاوکاریی چییە؟ هاوکاریی لە چ بارودۆخێکدا پێویستە؟ ئایا هیچ کات ئاژەڵەکان هاوکاریی پێشکەش بە یەکتر دەکەن؟، ئایا مرۆڤێك، کە هاوکاریی ئەوانی دیکە ناکات، مرۆڤێکی خراپە؟، ئایا هاوکاریکردن هەمیشە وەك کارێکی چاك و پەسەند تەماشای دەکرێت؟، ئایا هیچ کات و ڕۆژگارێك هەیە، کە تیایدا هاوکاریکردن هەڵە بێت؟، ئایا چەمکی هاوکاریکردن، لەگەڵ وابەستەبوون و پێکەوەییدا، جیاوازییان چییە؟، ئایا هاوکاریکردن نیشانەی لاوازییە؟، ئایا هەمیشە هاندانی خەڵکی بۆ چەمکی هاویکاریی کارێکی ڕەوایە؟، ئایا چەمکی هاوکاریکردن ڕێگەخۆشناکات، تاوەکو لە ڕێگەیەوە، مرۆڤێکی تاکگەرا و خودگەرا بەرهەمبێت؟، ئایا هاوکاریی بە واتای سڕینەوەی جیاوازییەکان نایەت، واتە هەموو مرۆڤەکان ناکات بە یەك؟، جیاوازیی لە نێوان (هاوکاریی ، بەخشین، یارمەتیی)، لە چ دایە؟(شاو، 1389: 47).

**(2/1)، فێربوونی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:**

لە پێشوودا ئەوەمان خستەڕوو، کە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، بەجۆرێك لە جۆرەکان بە واتای چارەسەرکردنی کێشەکان دێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم چەمکە کۆمەککارە، تاوەکو ئەو باوەڕ و ئارگومێنتەی، کە کەسێك دەیخاتەڕوو، تا چ ئەندازەیەك هەڵگری ڕاست و دورستییە، یان نا؟، لێرەدا چەند ڕێگەیەك دەخەینەڕوو، کە ڕێگەخۆشکەرە بۆ فێربوونی تاك/ خوێندکار بە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە:

1. هەلی جۆربەجۆر بە خوێندکار بدرێت، تاوەکو بتوانێت ئەندێشە و باوەڕە پەیوەندیدارەکان شیکاربکاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا هەڵسەنگاندن بکات و بڕیاری لۆژیکیی بدات.

2. هەلومەرجی ناوپۆل بەجۆریك ئامادەبکرێت، کە خوێندکار بتوانێت بۆ سەرجەم دید و ڕوانگەکان نرخ دابنێت، هەروەها گۆڕینەوەی هزر و گفتوگۆی ئازاد لە نێوان خوێندکاراندا ڕووبدات.

3. وێڕای ئەو پرسیارانەی، کە خوێندکار لە مامۆستای دەکات، جگە لە وەرگرتنی وەڵامەکان، خوێندکار ڕابهێنرێت، لە هۆکار و چۆنییەتی وەڵامەکان بکۆڵێتەوە.

4. ئەو پرسیارانەی، کە مامۆستا لە خوێندکاری دەکات پەیوەست بە بابەتەکەوە، لەگەڵیدا پێویستە لە هۆکار و چۆنییەتی ڕوودانی کردەکان بپرسێت. ( سالم، 2022، 1096).

5. خوێندکار لەسەر ئەو باوەڕە گۆش و پەروەردەبکرێت، هەتا بتوانێت مامەڵەی لۆژیکی لەگەڵ بیروباوەڕی خۆی و بیروباوەڕی ئەوانی تردا بکات، نەوەك بەپێچەوانەوە بکەوێتە ژێر کاریگەریی هەست و نەستەوە. (زرگوش و اخرون، 1399: 44). لەگەڵ ئەو ڕێگایانەی، کە باسکران، ڕێگەیەکی دیکەش هەیە، بریتییە لە (فێرکردنی ڕاستەوخۆی توانستەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە)، کە دەکرێت لە پرۆگرامەکانی خوێندن جێگەی بکرێتەوە و وەکو بابەتێکی کاریگەری سەربەخۆ تەماشابکرێت. (ایلانلو، 1398: 144). واتە کەسی فێرکار/ مامۆستا کار لەسەر ئاشکردنی، لێهاتووییەکانی خوێندکار دەکات.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**(3/1)، پەرتووکی خوێندنگە:**

سەبارەت بە چەمکی پەرتووکی خوێندنگە، چەندین پێناسە هەن، یەکێك لە پێناسەکان ئەوەیە، کە پەرتووکی خوێندنگە یەکێکە لە ئامرازە گرنگەکانی پرسی فێرکردن، لە بنەماوە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك زانیاریی بنەڕەتیی، زانیارییەکانی تیایدا بەردەستە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی دیاریکراو، کە خۆی لە دەفرێك دەبینێتەوە. پێکهاتووە لە وردەکاریی ناوەڕۆکی بابەتی خوێندنی هەر بوارێکی خوێندندا، هەروەها پەرتووکی خوێندنگە پێگەیەکی باڵای لە سیستەمی وانەوتنەوە و سیستەمی پرۆگرام و سیستەمی قوتابخانەدا هەیە. (ئەسعەد، 2021: 38). ئەوەی لەم پێناسەیەدا بەیدەکرێت ئەوەیە، کە پەرتووکی خوێندنگە یەکێکە لە توخمە سەرەکیی و گرنگەکان و ڕۆڵێکی دیار و بەرجەستە لە پرۆسەی فێرکردن و جێبەجێکردنی پرۆگرامدا دەبینێت و بایەخ بە توخمی ناوەرۆك و چالاکیی و هەڵسەنگاندن دەدات. ((ئامانجی ئەوەیە، کە یارمەتی

خوێنـدکار بـدات، لە هەر پۆلێکـدا و لە هەر بـابەتێکی خوێنـدنی دیـاریکراو بـۆ بەدەسـتهێنانی ئەو ئامـانجە دەویسترێت.)). (کازم، 2021: 31).

پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی، بازنەی یەکەم بۆ خوێندکارانی کوردزمان بە یەکێك لە پەرتووکە گرنگ و پڕبایەخەکـان دادەنرێـت، چـونکە لە ڕێـگەی زمـانی دایـکەوە خوێنـدکار بە مەعـریفە/ کۆزانیـاریی و سـەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی ئاشنادەکرێت، ئەمە وێڕای ئەوەی زمانی دایك/ زمانی کوردیی لە پەرتووکی خوێندگەدا هۆکارە بۆ ناسینی دەوروبەر، ناسینی خود، هەروەها سەرچاوەیەکی بەکەڵك و پڕبایەخیشە بۆ ئاشناکردن و فێرکردن بە چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە. ((پسۆڕان و شارەزایانی بواری پەروەردە و فێرکـردن، جەخـت لە گرنگیـی و گەشـەپێدانی چەمکـی بیرکـردنەوە لە پەرتـووکی خوێنـدنگە دەکەنەوە و ڕایدەگەیەنن، کە چەمکی بیرکردنەوە یەکێکە لە پێشمەرجەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن. هەر بۆیە، پرۆگرامـی خوێنـدن لەبـری گواسـتنەوەی زانیـاریی سـادە و سـاکار بە خوێنـدکار، لە بیـری گەلاڵەکـردن و ئاشناکردنی چەمکی بیرکردنەوە بێت بە منداڵان/ خوێندکاران.)). (شریعتمداری، 1391: 10).

**بەشی دووەم: ڕاڤە و هەڵسەندگان/ پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی، پۆلی دووەم و سێیەم لە ڕوانـگەی بیرکردنـەوەی ڕەخنـەگرانـەوە:**

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

یەکێك لە گرنگترین ئامانجی فێرکردن لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی قۆناغی بنەڕەتیی بەهێزکردنی ئاسـتی تێگەیشـتن و قـوڵبینییە. ڕوونە، کە فێرکـردن لە ڕێـگەی بیرکـردنەوەی ڕەخنەگـرانەوە، یەکـێکە لە شـێوازە بـاو و کاریگەرەکـان، کە زەمینەخۆشـکەرە بـۆ گەیشـتنی نـاوەڕۆکی بابەتەکـان بە خوێنـدکاران، کە ئەمڕۆ لە سەرانسـەری دنیـادا جێـی گرنـگیـی و پڕبـایەخە و لە تەواوی دەزگـا پەروەردەیـی و فێرکارییەکانـدا جێیـ خـۆی کـردووەتەوە و بـووەتە جێبـایەخـی پسـۆڕانی بـواری پەروەردە و فێرکـردن، چـونکە بە ڕۆحـی (پلانی وانەیی)، ناوزەندکراوە. پێویستە خوێندکار فێربکرێت، کە چ کاتێك پرسیاربکات، پاشان چۆنچۆنی پرسـیاربکات، لەگەڵ ئەوەشـدا چ جـۆرە پرسـیارگەلێك بوروژێنێـت و ئاڕاسـتەی بەرانـبەری بکـات. لەگەڵ هەمـوو ئەمانەشـدا دەبێـت خوێنـدکار فێربکرێـت، کە چۆنچـۆنی ئارگومێنتسـازیی دەکـات، تـاوەکو بتوانێـت بەدروسـتیی بڕیاربـدات. ئەوەی لەسـەر فێرکـار/ مامۆسـتا پێویسـتە، ئەوەیە هەمیشـە سـەروکاری لەگەڵ پرسیارسازیدا/ پرسیارکردندا هەبێت و ((منداڵان فێربکـات، تـاوەکو ڕاستەوخۆ بیربکەوە، بـابەتی خوێندراو بـخەنە نـاو بـازنەی پرسـیارەوە، لەگەڵ ئەوەشـدا بە پرسـیارەکانیان ئاڵنگـاریی بهێنـنەدی)). (پورانـاری و اخرون، 1397: 5). لە تەوەری پێشوودا ڕوونکرایەوە، کە بیرکردنەوە لە ڕێگەی پرسیارەوە گرنگترین بنەمـای بیرکـردنەوەی ڕەخنەگرانەیە. هەر بـۆیە (اسـترنبرگ و ویلیـامز)، پێشـنیازدەکەن، پرسیارسـازیی/

پرسیارکردن وەك بنەمای گۆڕینەوەی فیکر/ هزر لە پۆلدا جێبگرێت. (حسینی، 1392: 127). بۆ ئەم مەبەستە، پەرتووکی (خوێندنەوەی کوردیی – قۆناغی بنەڕەتیی، پۆلی دووەم و سێیەم)، خرایە ژێر بازنەی هەڵسەنگاندن و شیکارکردنەوە، تاوەکو ڕۆشبێتەوە هەرپەرتووکەکە لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و خستنەڕووی پرسیاری فەلسەفیی لە چ ئاستێکدایە. لێرە بەدواوە هەوڵدراوە، بەشێك لە پرسیاری دەقەکان و ناوەڕۆکی دەقەکانی پەرتووکەکان وەربگیرێت و مامەڵەیەکی بیرکرنەوەی ڕەخنەگرانەی لەگەڵدا بکرێت.

**(1/2)، هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی دووەمی بنەڕەتیی :**

لە پەرتووکی کوردیی پۆلی دووەمی بنەڕەتییدا، لە پاش دەقەکان، لە بەشی چالاکیی و ڕاهێناندا چەند پرسیارێك ئامادەکراوە، بەجۆرێك، کە وەرگیراوی دەقەکەیە. لێرە چەند نموونەیەك لە پرسیارەکان وەردەگرین و لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە شیکاریاندەکەین.


گفتوگۆدەکەین.
* شەهێن لە پۆلدا، پێش ئاخافتن چی کرد؟
* شەهێن بۆ جوانکردنی پۆلەکەی چی هێنابوو؟
* مامۆستا و شەهێن و هاوڕێکانی چییان لە پۆلەکە کرد؟
* ئێوە پۆلەکەی خۆتان ڕازاندۆتەوە؟
* ئێوە بە هەرەوەزی پۆلی خۆتان خاوێندەکەنەوە؟

وێنەی ژمارە (1)، (خوێندنی کوردیی، پۆلی دووەم، 2023: 38).

وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، ناوەڕۆکی دەقەکە تەنها لە باسکردنی (پاکوخاوێنی قوتابخانە)دا، بچووك و چرکراوەتەوە، وێرای ئەوەی پاش تێگەیشتن و تێرامانی ورد، دەکرێت چەمك و ناوەڕۆکی بەکەڵك لە دەقەکەوە دەربهێندرێت، وەك چەمکی (هاوکاریی، هەرەوەرزیی، کاری پێکەوەیی)، بۆیە دەکرا هێنانی ئەم چەمکانەش لە پرسیارەکاندا ڕەنگدانەوەی هەبوایە و مامۆستایش/ فێرکارش هزری خوێندکاری پێبجولاندایە. وەك ئاشکرایە بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕێگرە لە بەردەم خودسەنتەریی و کۆمەڵ سەنتەریی لە تاکدا، واتە فێرماندەکات، فرە کەلتوریی و فرە کۆمەڵایەتیی پەسەندبکەین، لێرەدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پێداوستییەکی لۆجیکییەوە دەبێت بە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتیی و ئاکاریی. (سەعید، 2020). وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، سەرجەم پرسیارەکان، پرسیاری سادە و ساکارن. ڕاستە بۆ ئاستی خوێندکاری دووەمی بنەڕەتیی لەبار و گونجاون، بەڵام دەکرێت هاوشانی ئەمانە، پرسیاری فەلسەفیتر و قووڵتر ئاماژەپێبدەین، چونکە وەك خرایەڕوو بیرکردنەوە بە پرسیار دروستدەبێت، پرسیاریش سەنگی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەیە.

1. جوانکاریی چییە؟
2. جوانکاریی بۆچی باشە؟
3. ئایا جوانکاریی، تەنها بریتییە لە پاکوخاوێنڕاگرتنی پۆل؟
4. ئایا ئەگەر مرۆڤ پاکوخاوێن نەبێت، چ ڕوودەدات؟
5. هەرەوەرزیی/ کاری پێکەوەیی چییە؟
6. چۆن مرۆڤ بتوانێت کاری پێکەوەیی ئەنجامبدات، ئایا ئەمجۆرە کارکردنە پێویستە؟
7. چۆن ئێوە پۆلەکەی خۆتان ڕازاندەوە؟

لە لایەکی دیکەوە، دەکرێت ئاماژە بەوەش بکرێت، ڕەگەزکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، کە بریتین لە (بنکۆڵکاریی هزریی، کرانەوەی هزریی، پێناسەکاریی و ڕوونیی مژارەکان/ بابەتەکان، لێکۆڵینەوەی وردی ڕوانگە و بیروباوەڕکان، گومانگەرایی ڕاست، وەرگرتنی ئەگەرە تازەکان، بەڵگەکاریی، ڕاڤە و شیکارکردن، هەڵسەنگاندنی بەڵگە و بۆچوونەکان، هونەری دواندن دەربارەی خود، بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە)، نە لە دەقەکە و نە لە پرسیارەکاندا بەدیناکرێن. ئەمە لە کاتێکدایە بەشێکی زۆر لەم ڕەگەزانە لەو پرسیارانەی، کە توێژەر سەرباریکرد بەوردیی و بەڕوونیی جێکراوەتەوە. ڕوونە، ئەمجۆرە پرسیارانە، خزمەت بە بەگەڕخستنی خەیاڵی خوێندکار دەکات و هانیدەدات چالاکبێت و داهێنانبکات، چونکە ((لە ئێستادا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوتا و دیوی دووەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. تازەترین تیۆرەکانی مەعریفە و فێرکاریی جەخت لەوە دەکەنەوە، بالاترین ئاستی بیرکردنەوە ئەو جۆرەیە، کە فێری داهێنانمان دەکات، نەك دووبارەکردنەوە)). (سەعید، 2022، 7).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية


گفتوگۆدەکەین.

* چەند کەس لە گوندەکە بۆ کارکردن ڕۆیشتن؟
* دوو هاوڕێی یەکەم چییان بۆ گوندەکە دروستکرد؟
* هاوڕێی سێیەم بۆ خزمەتکردنی گوندەکەیان چی دروستکرد؟
* لەو سێ کارەی هاوڕێکان، کامەیان بەسودتر بوو؟
* تۆ حەز دەکەیت لە دوارۆژدا چی بۆ گوندەکەت یان شارەکەت بکەیت؟

وێنەی ژمارە (2)، (خوێندنی کوردیی، پۆلی دووەم، 2023: 46).

ئەم پرسیارانەی، کە لە وێنەکەدا هاتوون، دەربارەی دەقێکی پەرتووکەکەیە بە ناوی (مرۆڤی بەسود)ەوە. ئەوەی جێی ڕەخنەیە ئەوەیە، کە هیچ پرسیارێك لە بارەی مرۆڤی بەسود و بەکەڵکەوە نەخراوەتەڕوو، بەڵکو لە بەرانبەردا تەنها جەخت لە وشەی (گوند)، کراوەتەوە. ئەو پرسیارانەی، کە پەیوەست بە گوندەکەوە ئامادەکراون، زۆر سادەن و کار لەسەر قووڵی تێگەیشتن لای خوێندکار ناکەن، چونکە هەڵگری ڕەهەندی قووڵ نین و ڕێگرن لە بەردەم ئەوەی، کە خوێندکار ئارگومێنتسازیی بکات و بتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی

بێت. ((ئارگومێنتیش لە هەموو پرۆسەیەکی بیرکردنەوەدا ئامادەیی هەیە. لە کاتی بەریەککەوتنمان لەگەڵ دیاردەکاندا، یان لە کاتی خوێندنەوەی دەقەکاندا، ئێمە تەنها وەرگرێکی پاسیف نین، بەڵکو هاوکات بیردەکەینەوە و وتوێژی گریمانەیی لەگەڵ ئەوانی تردا دادەمەزرێنین.)). (سەعید، 2022: 3). هەر بۆیە، دەکرێت پرۆگرامی خوێندن لەبری گواستنەوەی زانیاریی سادە و ساکار بە خوێندکار، لە بیری گەڵاڵەکردن و ئاشناکردنی چەمکی بیرکردنەوە بێت بە منداڵان/ خوێندکاران. لەم پێناوەدا لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە چەند پرسیارێکی هزریی بۆ ئەم دەقە پێشنیازدەکەین، کە بریتین لە:

1.مرۆڤی بەسوود کێیە؟

2. چۆن کەسێك لە ناسوودمەندەوە دەگۆڕێت بۆ سوودمەند؟

3. تایبەتمەندییەکانی ژیانی شار و گوند چین؟

4. جیاوازیی لە نێوان مرۆڤی شارنشین و گوندنشین هەیە؟

5. چۆن گوندەکان لە باری ناسروشییەوە بۆ باری سروشتیی و ئاسایی خۆیان دەگەڕێندرێتەوە؟

6. چۆن لە چەمکی (هاوڕێیەتی)، دەگەیت؟

7. ئایا (هاوڕێیەتی)، لە ڕۆژگارێکەوە بۆ ڕۆژگارێکی تر دەگۆڕێت؟


گفتوگۆدەکەین.

* بۆچی وڵاتی خۆمان خۆشدەوێت؟
* سامانە سروشتییەکانی کوردستان بژمێرە؟
* ناوی هەندێ سەیرانگای کوردستان بڵێ؟
* کێ بەرگری لە خاکی کوردستان دەکات؟
* چۆن وڵاتمان بەرەوپێش دەبەین؟

وێنەی ژمارە (3)، (خوێندنی کوردیی، پۆلی دووەم، 2023: 77).

وەك لە وێنەکەدا دەردەکەوێت، ئەم پرسیارانەی ئامادەکراون، پەیوەست بە دەقێکی پەرتووکەکەیە بە ناوی (کوردستان)، ئەگەر سەرنجبدەین پرسیاری (یەکەم و پێنجەم)، بەراورد بە پرسیارەکانی دیکە، بڕێك هزریتر و فەلسەفیترە. ڕوونە، کە ئەمجۆرە پرسیارانەش جگە لەوەی کەشێکی هزریی دروستدەکات، هەروەها ئاڵوگۆڕی بیروڕا و گفتوگۆی ئازاد لە نێوان خوێندکاراندا دەهێنێتەئاراوە. لەگەڵ ئەمانەشدا دەتواندرێت ئاماژە بەوەش بکرێت هەر یەکە لە پرسیاری (دووەم و سێیەم)دا، سادەن و کەشی بیرکردنەوەی ڕەخنەیی ناسازێنن. بۆ ئەم مەبەستە توێژەر سەربارکردنی چەند پرسیارێکی دیکە پێشنیازدەکات:

1. ئایا بە هەموو شوێنێك دەگوترێت وڵات؟

2. ئایا کورد خاوەنی وڵاتە؟

2. سروشت و تایبەتمەندییەکانی وڵاتی کوردەواریی باسبکە؟

4. ئایا بێ وڵات دەتوانین بژیین؟

5. چۆن پارێزگاریی لە وڵات بکەین؟

6. ئەگەر پارێزگاریی لە وڵات نەکەین، چ ڕوودەدات؟



گفتوگۆ دەکەین.

* چۆن هەڵم دروست دەبێت؟
* هەڵم پاش چڕبوونەوە دەبێت بە چی؟
* هەور لە ئاسماندا دەبێت بە چی؟
* سودەکانی باران بژمێرە؟
* سودی ئاو چییە؟

وێنەی ژمارە (4)، (خوێندنی کوردیی، پۆلی دووەم، 2023: 65).

ئەگەر سەرنج لە پرسیاری ئەم دەقە (سودی ئاو)، بدەین، دەردەکەوێت بەراورد بە پرسیاری ئەو دەقانەی خرایەڕوو، کەمێك هزریتر و کراوەترن و هانی خوێندکار دەدەن بۆ گەڕان و بنکۆڵکاریی بابەتەکە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نایەت، کە تینوێتی خوێندکاری شکاندبێت. لە پاڵ ئەم پرسیارانەدا دەکرێت پرسیاری ورد و کراوەتر بخرێتەڕوو، لەوانە:

1.چۆن پارێزگاریی لە ئاو بکەین؟

2. چۆن هەور دروستدەبێت؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

3. کوردستان وڵاتێکی وشکەساڵ، یان تەڕەساڵە؟

4. ئەگەر ئاو نەبێت، ژیان بەردەوامدەبێت؟

5. لە کوردستان کەڵك لە ئاوی باران و ژێرزەویی وەرناگیرێت؟

**(2/2)، هەڵسەنگاندنی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی سێیەمی بنەڕەتیی:**

لێرەدا هەوڵدەدەین، چەند نموونەیەك لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی پۆلی سێیەم وەربگرین و لە ڕوانگەی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە شیکاریبکەین.



گفتوگۆدەکەین.

* کوللەکە لە هاویندا سەرقاڵی چی بوو؟
* مێرولە چی هەڵگرتبوو؟
* کوللەکە چی بە مێرولەکە گوت ؟
* مێرولەکان چییان لەنێوان خۆیاندا دابەشدەکرد؟

وێنەی ژمارە (5)، (خوێندنی کوردیی، پۆلی سێیەم، 2023: 17).

پرسیارەکانی سەرەوە، پەیوەستکراون بە دەقێکی پەرتووکە بە ناوی (کولل و مێروولە)وە. دەقەکە بەراورد بە دەقەکانی دیکە، بەڕووکەش دەردەکەوێت، لەڕووی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەوە دەقێکی سودمەند و پڕبایەخە، چونکە دەقەکە بە گفتوگۆ و گۆڕینەوەی بیروڕای نێوان (کولل و مێروولە)، دەستپێدەکات و هەر بەوەش کۆتاییدێت. بێگومان ئەم دەقە کاریگەریی ڕاستەوخۆ لەسەر ژینگەی پۆل و بیرکردنەوەی خوێندکار دروستدەکات، لەگەڵ ئەوەشدا هاندەرە بۆ درکپێکردن و تێگەیشتنی بابەتەکە بە خوێندکار، چونکە خوێندکار/ منداڵ لە ڕێگەی گفتوگۆکردن و گۆڕینەوەی بیروڕا و پرسیاری قووڵ و وەڵامی ڕەوانەوە زووتر فێردەکرێت. لێرەدا ئەرکی خوێندکار ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەك وەك حەقیقەت وەرنەگرێت و دیدی ڕەخنەیی بەگەڕبخات بۆ ڕەتکردنەوەی زانیارییانەی، کە لەلایەن مامۆستاوە پێیدراوە و لەگەڵ زانستدا ناکۆکە. لێرەدا وەرگرتنی دیدی (فۆلکوەیز) بە گرنگ دەزانین، کە پێشنیازدەکات فێرخوازان و مامۆستایان ڕاهێنانی بەردەوام وەربگرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە نەریتە خراپەکانی ئەقڵ، وەك چەواشەگۆیی و خورافات و بەدگومانیی. (سەعید، 2022: 1). لە لایەکی ترەوە پاش وربوونەوەی چڕتر، دەکرێت ئاماژە بەوە بدرێت، کە دەقەکە هەڵگری چەمکی قووڵتر و هزریترە، لەوانە چەمکی (بیرکردنەوە لە پاشەڕۆژ، ئامۆژگاریکردن، گوێپێنەدان، برسێتیی). هەر بۆیە نەتواندراوە مامەڵەیەکی قووڵ لەگەڵ ناوەڕۆکی دەقەکەدا بکرێت، واتە خوێندکار بە شێوازێکی ئامادە و سروشتیی نەخراوەتە ناو ڕۆحی دەقەکە و بازنەی پرسیارکردنەوە. جێی خۆیەتی چەند پرسیارێکی هزریتر و کراوەتر بۆ دەقەکە زیادبکرێت، لەوانە:

1. چ لە گفتوگۆی نێوان (کولل و مێروولە)، فێربوویت؟
2. پێویستە مرۆڤ بیر لە چ بکاتەوە؟
3. ئایا چارەنووسی کوللەکە، بەهۆی ملهوڕیی و گوێپێنەدانییەوە بوو؟
4. مرۆڤ چ کردەیەك ئەنجامبدات، تاوەکو هەمان چارەنووسی کوللەکەی نەبێت؟
5. چۆن داهات و بەروبومەکانمان پاشەکەوتبکەین؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية




وێنەی ژمارە (6)، (خوێندنی کوردیی پۆلی سێیەم، 2023: 14).

وەك لە وێنەكەدا دێتەبەرچاو، دەقەكە پەیوەستە بە مەتەڵەوە. ئاشكرایە، كە فێركردنی منداڵ لە ڕێگەی (چیرۆك، پەندی پێشینان، مەتەڵ)ەوە، ڕێگایەكی كاریگەرە و دەتوانێت كەشێكی هزریی و ڕەخنەیی بۆ خوێندكار فەراهەمبكات. وەك دەردەكەوێت، لە پەرتووكەكاندا تاڕادەیەكی كەم تواندراوە سود لەم لایەنە وەربگیرێت.




وێنەی ژمارە (7)، (خوێندنی كوردیی پۆلی سێیەم، 2023: 10).

ئەمەش یەكێكی ترە لەو نموونانەی خوێندنی كوردیی پۆلی سێیەم، كە پەیوەستە بە گفتوگۆی نێوان (هەنگ و پەپولە)ەوە. ئەو ڕەخنەیەشی، كە توێژەر ئاراستەی پەرتووكەكەی دەكات ئەوەیە، كە مامەڵەیەكی ڕووكەشگەرانە لەگەڵ دەقەكەدا كراوە، واتە ناوەڕۆكی دەقەكە بەلاوازیی و ڕووكەشیی نیشاندراوە. لەگەڵ ئەوەی دەكرێت، دەقەكە هەڵگری چەمكی قووڵتر و كراوەتر بێت، لەوانە چەمكی (هاوڕێیەتی، پێكەوەیی، چێژوەرگرتن، جوانیی، گۆڕانكاریی، بەردەوامبوون). هەر بۆیە، لە ڕوانگەی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانەوە پرسیارەكانی دەقەكە، سادە و ڕووكەش دێنەپێش چاو، بە واتە زەمینەی هزریی و فەلسەفیی بۆ خوێندكار ناڕەخسێنن، چونكە هەڵگری ڕەگەزەكانی بیركردنەوەی ڕەخنەگرانە (كرانەوەی هزریی، پێناسەكاریی و ڕوونیی چەمكەكان، لێكۆڵینەوەی وردی ڕوانگە و بیروباوەڕكان، گومانگەرایی ڕاست، وەرگرتنی ئەگەرە تازەكان، بەڵگەكاریی، ڕاڤە و شیكاركردن، هەڵسەنگاندنی بەڵگە و بۆچوونەكان، هونەری دواندن دەربارەی خود، بڕیاردان لەسەر بنەمای بەڵگە)، نین. بەو پێیەی، كە بیركردنەوەی ڕەخنەیی هەوڵدەدات بایەخی هاوبەش لە نێوان پسپۆڕییەكاندا بدۆزێتەوە پشتئەستور بە چەند پایەیەك، كە بریتیین لە فەلسەفە، لۆژیكی ماتماتیك، سایكۆلۆژیا، مۆڕاڵ و ئاكارناسیی، تیۆرەكانی نووسین و خوێندنەوەی دەق، تیۆرەكانی داهێنان، لە پاڵ پیداگۆجیی و پەروەردەدا. (سەعید، 2022: 9). توێژەر لە پێناو ڕەخساندنی ژینگەیەكی كراوە و فەلسەفییدا بۆ دەقەكە پێشنیازی چەند پرسیارێك دەكات، وەك:

1. چەمكی هاوڕێیەتی چییە؟
2. چۆن لە هاوڕێیەتی نێوان هەنگ و پەپولە تێدەگەیت؟
3. بۆچی بەرژەوەندیی زیان بە هاوڕێیەتی دەگەیەنێت؟

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

4. ئایا هێزی بەردەوامبوون لە هەنگدا دەکرێت، هەبێت؟


گفتوگۆدەکەین.

- ماڵی تارا لەگەڵ ماڵی کێ چوون بۆ سەیران؟
- کەی جەژنی نەورۆزە و بۆچی ناونراوە (نەورۆز)؟
- ژێردار و کەنار ڕوبارەکان پڕبوون لە چی؟
- باوکی تارا لەسەر کارتۆنێك چی نوسی؟
- لە کوێ هەڵیواسی؟
- بۆچی نابێت زۆر قاپ و کەوچکی پلاستیك بەکاربهێنین؟
- پێش گەڕانەوەیان لە سەیران چییان کرد؟
- تۆ لەگەڵ خانەوادەکەت لە ڕۆژی نەورۆزدا حەزدەکەیت بۆ کوێ بچیت؟

وێنەی ژمارە (8)، (خوێندنی کوردیی پۆلی سێیەم، 2023: 24).

ئەم پرسیارانەی سەرەوە، دەربارەی دەقێکی پەرتووکەکەیە بە ناوی (سەیران)ەوە، ئەوەی جێی ڕەخنە و تێڕامانی قووڵە، ئەوەیە، کە ناوەڕۆکی دەقەکە، تا ئەندازەیەکی زۆر سادە و ڕووکەش نیشاندراوە، واتە ڕەهەندە قووڵەکانی ناو دەقە فەرامۆشکراوە و لە پرسیارەکاندا ڕەنگیانەنەداوەتەوە. پاش خوێندنەوەی قووڵ بۆ دەقەکە دەردەکەوێت، کە دەکرێت هەڵگری چەمکی (نوێبوونەوە، گەشتوگەڕان، هەڵنەگرتنی بەرپرسیارێتیی، پیسکردنی ژینگە، پاکراگرتنی ژینگە، نیشتماندۆستیی/ نیشتمانپەروەریی، هەروەرزیی و پێکەوەکارکردن، جوانیی سروشت)، بێت. هاوکات ڕەگەزەکانی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانەش لە دەقەکەدا نائامادەن، بۆیە لەپێناو هاتنەکایەوەی چەمکی بیری ڕەخنەگرانە و گۆڕینەوەی بیروڕای ئازاد و ژینگەیەکی هزریی و کراوەتر بۆ خوێندکار، پێشنیازی چەند پرسیارێك دەکەین:

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

1. چۆن لە چەمکی سروشت دەڕوانیت؟
2. بۆچی مرۆڤ، سروشت پیسدەکات؟
3. ئایا ئەرکە لەسەر مرۆڤ، کە سروشت بەرزڕابگرێت؟
4. جوانیی سروشت، جوانییەکە لە هیچ جوانییەك ناچێت، ئەمە ڕاستە؟
5. پێشنیازت بۆ کەسێك چییە، کە پەلاماری سروشت دەدات؟
6. چۆن لە سروشتدا کاری پێکەوەیی ئەنجامدەدرێت؟
7. ئایا خۆجوانکردن، تەنها کردەیەکە، کە تایبەتمەندە بە مرۆڤەوە؟

**ئەنجام:** لەم توێژینەوەیەدا بە چەند ئەنجامێك، گەیشتووین، کە ئەمانەن:

1. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە هەوڵێکە بۆ هۆشیارکردنەوە لە ڕێگەی ڕەخنەوە، چەمکێك نییە، کە مرۆڤ خۆبەخۆ پێیبگات، بەڵکو لە ڕێگەی بیرکردنەوە، پرسیارکردن، ڕەخساندنی بەرنامە و پرۆگرامەوە پێیدەگات، هەر بۆیە پێویستە لە منداڵییەوە، چەمکی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە منداڵدا دروستبکرێت.

2. بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە، ڕێگرە لە بەردەم خودسەنتەریی و کۆمەڵ سەنتەریی لە تاکدا، واتە فێرماندەکات فرە کەلتوریی و فرە کۆمەڵایەتیی پەسەندبکەین، چونکە ئەم چەمکە هەوڵدەدات بایەخی هاوبەش لە نێوان پسپۆڕییەکاندا بدۆزێتەوە، هەر بۆیە لێرەدا بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پێداوستییەکی لۆجیکییەوە دەبێت بە پێداویستییەکی کۆمەڵایەتیی و ئاکاریی.

3. ئەرکی خوێندکار ئەوەیە، کە هیچ زانیارییەك وەك حەقیقەت وەرنەگرێت و دیدی ڕەخنەیی بەگەڕبخات بۆ ئەو ڕەتکردنەوەی زانیارییانەی، کە لەلایەن مامۆستاوە پێیدراوە و لەگەڵ زانستدا ناکۆکە. لە بەرانبەریشدا دەکرێت فێرخوازان و مامۆستایان ڕاهێنانی بەردەوام وەربگرن بۆ بنیاتنانی کۆمەڵگایەکی دوور لە نەریتە خراپەکانی ئەقڵ، وەك چەواشەگۆیی و خورافات و بەدگومانیی.

4. یەکێك لە گرنگترین ئامانجی فێرکردن لە پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی (قۆنافی بنەڕەتیی- بازنەی یەکەم)، بەهێزکردنی ئاستی تێگەیشتن، قووڵبینیی، دواندن دەربارەی خود، ڕووانینی خوێندکار بۆ ژیان و ڕووداوەکانی دەوروبەیتی. بە دەربڕێنیکی دیکە، خوێندکار/ منداڵ لە ڕێگەی زمانی دایکییەوە بە مەعریفە/ کۆزانیاریی و سەرچاوەکانی ڕۆشنبیریی دەگات.

5. پاش هەڵسەنگاندن و شیکارکردنی دەقەکانی هەردوو پەرتووکی خوێندنەوەی کوردیی، پۆلی دووەم و سێیەم (قۆناغی بنەڕەتیی)، دەردەکەوێت، کە مامەڵەیەکی ڕووکەشگەرانە لەگەڵ دەقەکاندا کراوە، واتە ناوەڕۆکی دەقەکان بەلاوازیی و سادەیی نیشاندراوە، لەگەڵ ئەوەی دەکرێت هەڵگری چەمکی قووڵتر و کراوەتر بن. لە لایەکی دیکەوە، پرسیاری دەقەکان زۆر سادەن و کار لەسەر قووڵی تێگەیشتن لای خوێندکار ناکەن، چونکە هەڵگری ڕەهەندی قووڵ نین و ڕێگرن لە بەردەم ئەوەی، کە خوێندکار ئارگومێنتسازیی بکات و بتوانێت خاوەن بڕیاری خۆی بێت.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

6. ئەو پرسیارە هزرییانەی، کە لە ناوەڕۆکی توێژینەوەکەدا خرانەڕوو، خزمەت بە بەگەڕخستنی خەیاڵی خوێندکار دەکات و هانییدەدات داهێنان بکات، چونکە لە ئێستادا بیرکردنەوەی ڕەخنەیی هاوتا و دیوی دووەمی بیرکردنەوەی داهێنەرانەیە. تازەترین تیۆرەکانی مەعریفە و فێرکاریی جەخت لەوە دەکەنەوە، باڵاترین ئاستی بیرکردنەوە ئەو جۆرەیە، کە فێری داهێنانمان دەکات، نەك دووبارەکردنەوە.

7. پەندی پێشینیان و مەتەڵ ئەو جۆرە ئەدەبەن، کە زەمینەی بیرکردنەوە و کرانەوەی هزریی بۆ خوێندکار ئامادەدەکەن، بەڵام لە هەردوو پەرتووکەکەدا بەکەمیی ئاماژەیانپێکراوە.

**سەرچاوەکان:**

**کوردیی:**

1. ئەسعەد، موهەند تورکی ساڵەح، (2021)، *هەڵسەنگاندنی پەرتووکی خوێندنەوەی کوردی بۆ پۆلی دووەمی بنەڕەتی لە ڕۆشنایی پێوەرەکانی کوالێتی پەرتووکی فێرگەیی*، نامەی ماستەر، زانکۆی بەغداد.
2. سەعید، شاهۆ (2022)، *چاوپێکەوتن*، سایتی وێستگە، سلێمانیی.
3. سەعید، شاهۆ (2020)، *چاوپێکەوتن*، ڕادیۆی دەنگی ئەمریکا، ئەمریکا.
4. سەعید، شاهۆ (2020)، چاوپێکەوتن لەگەڵ وەلید عومەر، سلێمانیی.
5. ڕەفیق، فاروق (2023)، بیرکردنەوەی ڕەخنەیی، چاپخانەی سەردەم، سلێمانیی.
6. کازم، ئەجەل ڕەشید، (2021)، *هەڵسەنگاندنی پەرتووکی زمان و ئەدەبی کوردی پۆلی یازدەهەمی ئامادەیی بەپێی پێوەرەکانی چێژی ئەدەبیی*، ماستەرنامە، زانکۆی بەغداد. بەغداد.
7.لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، (2023)، *خوێندنەوەی کوردیی*، پۆلی دووەم، وەرزی یەکەم چاپی سێیەم، هەولێر.
8. لیژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە، (2023)، *خوێندنەوەی کوردیی*، پۆلی سێیەم، وەرزی دووەم (چاپی دووەم، هەولێر..
9 موسلیم، حەسەن محەمەد (2021)، *بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لەسەر بنەمای لۆژیك*، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین، ژمارە (8).

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

**فارسیی:**

10. مصری، حلیمه ، اسلامی ادریس، آفانی کمال (1398)، *بررسی جایگاه تفکر انتقادی در ادبیات داستانی کتاب های درسی: بخوانیم*، دوره ابتدایی، پژوهش در برنامەریزی درسی، زمستان.
11. ایلانو، حسین (1398)، *بررسی تفکر انتقادی و آموزش آن در آموزش و پرورش*، رویش روان شناسی، سال (8)، شماره (5).
12. حسینی، افصل السادات (1392)، *یادگیری خلاق*، کلاس خلاق، تهران: مدرسه.
13. پوراناری، زهره احمدی ، دهنوی مراد یاری، (1397)، *امکان و ظرفیت آموزش تفکر انتقادی در بخش (بخوان و بیندیش) از کتاب های فارسی دوره دبستان*، تفکر و کودك، پژوهشگاه علوم انسانی و مطالعات فرهنگی، دوفصل نامه عملی – پژوهشی، سال نهم، شماره دوم، زمستان.
14. شاو، (1388)، *فلسفه در کلاس درس*، ترجمه مراد یاری دهنوی و روح الله حیدری، تهران، آوای نور.
15. شریعتمداری، (1391)، *تعلیم و تربیت و تفکر*، معاصر، شماره پنجم.
16. فیشر، رابرت (1389)، *آموزش تفکر*، ترجمه غلامعلی سرمد، تهران، گاج.

17.زرگوش، شکوفه، قیصربیگی زهرا ، رزگوش فاطمه 1399، بررسی تفکر انتقادی در داشن آموزان، مجله دستاوردهای نوین در مطالعات علوم انسانی، شماره 33.

**عەرەبیی:**

18.سالم ، علياء هادي ا. (2021). مزايا استخدام مهارات التفكير الناقد في ترجمة الشعر لمتعلمي الترجمة في المستوى المتقدم .لارك .1091-1112 ,(5)13 ,

https://doi.org/10.31185/lark.Vol1.Iss44.2227

## Referenses

## Kurdish:

1.2. Saeed, Shaho (2022), Interview, Westga Website, Sulaimani.

2.Saeed, Shaho (2020), Interview, VOA, USA.

3.Asad, Mohand Turki Saleh, (2021), Evaluation of Kurdish Reading Books for Second Grade in the Light of Textbook Quality Criteria, Master's Thesis, Baghdad University.

4.Saeed, Shaho (2020), interview with Walid Omar, Sulaimani.

5.Rafiq, Farooq (2023), Critical Thinking, Sardam Printing House, Sulaimani.

6.Kazim, Ajal Rashid, (2021), Evaluation of Kurdish Language and Literature Book of Eleventh Grade of High School According to Criteria of Literary Enjoyment, Master's Thesis, Baghdad University. Baghdad.

7.A Committee in the Ministry of Education, (2023), Kurdish Reading, Second Grade, First Semester, Third Edition, Erbil.

8.Committee of the Ministry of Education, (2023), Kurdish Reading, Grade 3, Semester 2 (Second Edition, Erbil.

9.9 Muslim, Hassan Mohammed (2021), Critical Thinking Based on Logic, Journal of Raperin University, No. (8).

**Persian:**

Masri, Halima, Eslami Idris, Afani Kamal (2019), Investigating the Position of Critical Thinking in Textbook Fiction: Let's Read, Elementary School, Research in Curriculum Planning, Winter.

11. Ilano, Hossein (2019), Investigating Critical Thinking and Its Teaching in Education, Royesh Pashovshani, Year (8), Issue (5).

12. Hosseini, Afsal Sadat (2013), Creative Learning, Creative Class, Tehran: Madrese.

مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية

13. Pouranari, Zohra Ahmadi, Dehnavi Morad Yari, (2018), The Possibility and Capacity of Teaching Critical Thinking in the (Read and Think) Section of Persian Books for Elementary School, Thinking and Children, Institute for Humanities and Cultural Studies, Two-Quarter Practical-Research Journal, Year 9, Issue 2, Winter.
14. Shaw, (1388), Philosophy in the classroom, translated by Murad Yari Dhanavi and Roohullah Heydari, Tehran, Avai Noor.
15. Shariatmadari, (2011), education and training and thought, contemporary, number five.
16. Fisher, Robert (2009), Teaching Thinking, translated by Gholam Ali Sarmad, Tehran, Gaj.
**Arabic:**
17. Salem, Alia Hadi A. (2021). The advantages of using critical thinking skills in translating poetry for advanced level translation learners. Lark, 13(5), 1091-1112.
https://doi.org/10.31185/lark.Vol1.Iss44.2227
مجلة لارك للفلسفة واللسانيات والعلوم الاجتماعية